# کچێک لەشیعر

دڵشادی عومەر کاکی

دڵسۆز حەمە.. ئا ئەو کچە شاعیرەم مەبەستە.. کە تەنها بەتاکە شیعرێکی... بەناوی (رۆحم).. رۆحی تارومار کردم. من ئەوەندەی خەریکی شیعر خوێندنەوەم.. هێندە شیعر نانووسم، ئەوەندەش شیعری تاڵ و بێتام سەری گێژداوم، زۆرجاران بێبەخت بوون ئەوانەی راگوزەر بەسەر باخچەی پڕ لەمێخەک و مینای گوڵێکە خانمانەی ئەواندا تێپەڕیوم و بەرۆح نازم نەکێشاون.. من ئەمە تاکە یەکەم شیعری ئەم خانمە چا و جوانەیە.. چاوگەش پەرەیەکی پڕ لەشیعری بەدەستەوەیە و ئەیداتە دەستم.. دەڵێ.. بەچاوە گەشەکانم سوێندت ئەدەم ئەمە چۆن شیعرێکە..؟ ئیدی من.. منی بەختەوەر بەو شیعرە.. نامەوێ لەشاعیرێتی (دڵسۆز حەمە) کەم کەمەوە.. کە دەڵێم ئەمە یەکەم شیعری ئەم کیژەیە کە دەیخوێنمەوە.. من.. من دەمەوێ بەختەوەریی ئەو باس بکەم.. هەر لەگەڵ خوێندنەوەی (ئاە چەند بەئازارە رۆحم).. رۆچوومە نێو حەسرەتەکانی.. رۆحی.. ئیدی لەگەڵ ئەودا منیش کەوتمە ژێر گەڵابارانی، شیعرەکەی.. شیعرێ کە هۆڵەکەی پڕکردم لەبۆنی عەشق و رۆژەکانی سبەینێی بۆ درێژ درێژ کردمەوە.. من شیعرەکەی دڵسۆز دەخوێنمەوە و لەبەرخۆمەوە حەزم لەشیعر نووسینە.. ئیدی بووین بەدوانە لەرۆحدا.. بووین بەبرا لەدڵدا.. بووین بەخوشک لەخوێندا.. شیعرێ ئەوەندە لەدەروونا پیاسەی خۆی بکات و هەروا بەئاسانی خۆی بەماڵدا بکات و سەرنێ بەسەرمەوە.. ئیدی دەبێ بۆ یەکێکی باس بکەم.. من نامەوێ بچمە نێو دونیای شیعرەکەی دڵسۆزەوە دێر بەدێر و وێنە بەوێنەو گوزارشت بەگوزارشت و.. ئیدی باس لەهونەرو بیرو ئەندێشەو خەیاڵی شاعیرانەی شاعیر بکەم، مەبەستمە بدوێم و بڵێم.. لەبەر خۆمەوە لەچێژی شیعری و لەفریشتە شیعرییەکانی دڵسۆز باس بکەم و بنووسمەوە، پێمخۆشە ئیدی باس لەشیعرکردن و لەسەر شیعر نووسین ئاوەها بێت.. وەک ئەوەی من مەبەستمە.. دەمەوێ منیش خەونە رەنگاڵەکانی مەستبوونم بگێڕمەوە بەو شیعرە، منیش دەمەوێ وەکچۆن دڵسۆز بەو دێڕە سیحریانە سیحری لێکردووم، منیش خۆ بەدەستەوە نەیەم، دەبێ منیش بەقەد ئەو ئەزیەتی بدەم.. وەک چۆن بەسیحرەوە باس لە(رۆحی زیندووی دەکات) ئاە رۆحی من رەنگە مردبێ و کەس نەزانێ. منیش گەمەی لەگەڵدا دەکەم.. دەستم ناخەمەڕوو چیم پێیە.. چونکە (دڵسۆز) دەڵێ: تەنهاییە دەستەکانی من لەوەتەی هەن لەسەفەری جوانیدا دەمرن کەچی هەمیشە خاڵی دێنەوە .

من دەڵێم: ئەم دووسێ دێڕەی سەرەوە چەند سادەو چەند قورسن، چەند ئاسان و چەند گرانن! ..

تەماشاکە لێرە چ جەنگێکە.. رۆح نووسینەوە.. ئاوەها پڕ لەسیحرو لەجوانییە.. جوانی ئەو وشانە.. تەماشاکە چۆن سەریان ناوە بەیەکەوەو.. تەماشاکە چ پەیکەرێکی شیعریان لەبەردی وشە دروستکردووە.. ئاخر وشەکان بەتەنیا بەردن.. کتومت پیتەکان.. هەموو پیتەکانی سەرئەم زەویە بەردن.. کەس ناتوانێ لەپیتێکدا شتێک زیاتر.. جوانتر گەورەتر شیعرین تر لەبەرد بدۆزێتەوە.. ئەوەتا دڵسۆز رۆحی خستۆتە ناو مشتێ بەردەوە.. ئاخر خۆی تەماشای بەردەڵانی دڵی خۆی، نا دڵی بەبەرد بووی چاوەڕوانی.. دڵی بەبەردبووی سبەینێ.. تەنهایی سووتان.. خوێن وەرین.. عەدەم.. ئیدی دڵسۆز.. ئاوەها بەچڵێ شیعر بەگژ بەردەڵانی زەبوونییەکانی کچێکدا دەچێت.

عیبرەت ناگرێ رۆحم/ تێناگات باوەڕناهێنێ/ کە عشقیش قەدەرەو/ رەنگە لەسەر رێگای مندا نەبێ و/ قەد لەچارەی چاوی جوانم نەنووسرابێ، تەماشا.. کچێک چۆن خۆی دەنووسێتەوە!.. ئاخر بۆیە شیعری ئەم لەئەو ناچێ.. دەگمەنن ئەو رۆحانەی وەک (فەروغ) راستگۆ.. ئازا.. کە شیعر دەنووسن وەک چرا دادەگیرسێن.. کەمن ئەوانەی وەک دڵسۆز بەژێر شەرمەوە نەبوون.. شەرمێ کە شەوێکی ناشرین و رەش ئەدا بەباڵای کچێکدا.. و فێرە ژێرەوژێر کردنی وشەکانی دەکات.. مەبەستمە بڵێم ئەم کچە ئەم کێژە نیانەی شیعر، کەمێ ئارەقەی نەڕشتووە بۆ وشەکان.. بۆ گوزارشت و تیشک و تەنافی وشە رەنگاڵەکانی شیعر.. ئەم دڵسۆزە.. کتومت شیعر دەنووسێ.. شیعرێ لەعەشقی کچان دەچێ.. ئەم لەنێو مەینەتیەکانی (کچ)دا ئازایانەو بوێر.. کتومت لەشیعردا عەشق دەکات.. ئەو دەڵێ:

عاقڵ نابێ دەستی من.. دوای ئەو هەموو سووتان و خوێن وەرینە.. دەرگاکان هەردەکاتەوە.. ئومێد نابەخشێتە عەدەم.

تەماشا بیری ئەم کچە شاعیرە کە جوانی چاوی خۆی دەنووسێتەوە، تەماشا ئەو دێڕە.. ئەو وێنە شیعریانە چ سەمایەکیانە.. ! ئیدی بمبوورن من ئەوە یەکەم شیعرو یەکەمجاریشە کە بەم شێوازە لەسەر شیعرێک بنووسم.. (دڵسۆز حەمە) یەکێکە لەو کچە شاعیرانەی کە نایناسم.. من ئەوەندە بڕوام بەئایندەی ئەم شاعیرە هەیە.. پەشیمان نیم کە ناوی دەنێم (کچێک لەشیعر).